# یەکەم جاربوو خۆت لەخۆتدا بدۆزیەوە

**هەندرێن حەمەدەمین**



که به باخی لەشتدا ئەگەڕێم



زەمەن
لەناو جەستەی گومڕاییدا
ماچەکانمی لەسەر جەستەت ئەدۆزیەوە
پەپولەی حەزەکانت
نهێنی تەمەنێکی پڕ لە چاوەڕوانیان درکاند
پەنجەکانم نەیانزانی
چۆن گەیشتنە کێلگەی تریاکی دەوری ناوکت
لێوەکانم نەیانزانی
لەکام کانی شەڕاب بخۆنەوە
پەنجەکانت بەدوای خۆتدا
بەژوورەکانی روحم
لەبۆ رەنگی لێوەکانت ئەگەڕان و
زەردەخەنە ماندووەکانیان ئەدۆزیەوە
من نەمدەویست



وابەپەلە سەرخۆش ببم
سەرشێتی پەنجەکان بوو
بەخزانیان بۆ نێو رانەکانت
لێوەکانمی
بەبێ ئاگا
ئەگەیاندە ئەو کانیلەی

که تەڕایی وەک تەڕایی هیچ تەڕایەک نەبوو
لێوەکانم وەک کارمامز
بەو مێرگەتدا ئەخولانەوە
من نەمدەویست
وابەپەلە سەرمەست ببم
مەستی حەزە دیلەکانت
بە هەناری ڕەنگی ئەو لێوانەی
لە مالی خەونەکەی نالی
لەعلی ڕۆمانیان
لەخەندەدا ئەشاردەوە
ئەیانشاردیەوە
لەناو خۆتدا
یەکەم جار بوو
خۆت لە خۆتدا
بدۆزیەوە
چۆن ئەڕژێیتە باخی تەڕی دلم



تەڕایی تۆ
وەک تەڕایی باران نەبوو
کە تیشکی خۆر بیهەڵمێنێ
من نەمدەویست



ووردە ماسی چاوەکانت پێیان گووتم
گوڵەئاویەکان
لەناوتدا بدۆزمەوە
ئەو گولانەی
بە ماچەکانت
بۆنەکانیان بە مووی لەشم تێکەل ئەبوون
من نەمدەویست
لە فێنکایی یەکەم بەهار
گۆمی مەنگی حەزەکانت بممەلێنێ
خەونەکانم
بۆ هاوینی خۆشەویستیت
هەڵیانگرتبووم

لەوێ
لە کەناری ئەو جۆگانەی
بێ ویستی تۆ
بێ ویستی من
ئاوەکانمان تێکەل ئەکەن
هێندەی هەندە
هەندەکانمان ئەدەنە بەر
گەوارەی
ئەو عاشقانەی
بەگەرمادادەبارن
من نەمدەویست
گازی دەمی مەمکەکانت
پەنجەکانمی لەنێو گەلت مەلاس ئەدا
تۆش نەتزانی
بە مژینی تەڕایەتی سەر زمانم
کۆکاینی دەم و لێوم
خەوی چۆلەکەکان
لە پایزی روحت
ئەدەیتە بەر لافاوی سەرشێتییێتی



تۆ نەتدەویست
پوشی پاوانی پیاوەکان
لە سەوزایی مێرگی روحم بسوتێنی
دەمی ئەژدیهایی پەنچەکانت
ئەم ئاگرەی
لەدلماندا ئەکردەوە
ئەم ئاگرە
بەستەلەکی خانەکانی لەشمانی ئەکرد
بەهەور
لەژێر بانی
ئەم ژوورە بچوکەدا
لەگەل بارینی حەزە وورد و درشتەکان
گەورەترین لەزەت
ئاوس دەبوو
تۆ نەدەویست
ویستەکانت ئاشکراکەی

لە سەرخۆشی حەشیشیانەی ماچی ناو دەم
هەر پەنچەکانی خۆت بوون
بوونە دزی کلیلی زیندانی ویستەکانت



ئێستاش
لەدوای سەفەر
لەهەمان شوێن
ویستەکانت
ئاشیانی گەڕانەوەت بۆ خۆش دەکەن
لەهەمان شوێن
دەست لەملانێی خەونەکانن
هەموو شەوێک
بەسەرهاتی کوێستان و گەرمیانی
بالندەکانی دلت ئەگێڕنەوە
ئەی کۆترەکە
تۆ نەتدەویست نزیککەوی
لە کۆتری کۆتربازان
رەنگی چاوەکانیشت
لەگەل رەنگی کۆترە کێویەکان
جێگایان لە ئەشکەوتێک نەئەبووەوە
لەدەربەندی جەستەی مندا
لەسەر دارێکی بێ پەل ئەنیشتیەوە
لەسەریەوە
لەسەری سەریەوە
لە هەرکەوی کەوە هەروتیەکان
ئاوی پشتی شاخەکانت هەڵئەکێشا
لە بڕبڕەی زیندەخەونێک
مریم ئاسا
پاکیزانە ئاوس دەبووی
نەک بە کوڕێک
بە کچێکی رەنگ نارنجی



کە ئەیەوێ خوشکایەتی دۆلفین بکا
ئاو لە هەتاو بخواتەوە

به منیش ئەڵێ
مەمکەکانی دایکم
جێی تەڕایەتی ماچەکانتی هەلگرتووە
تۆ نەدەویست
لە پێش مندا سەرخۆش ببی
پێکەکانت ئەکردە نێو مەمکەکانت
بۆ هەناسەی ماسیەکانی سینەم
بۆ نەدیتکەیی چاوەکانم
بۆ یادگاری ئەو رۆژانەی
لەسەر زگ
دەمم ئەنا بە کانیەکانی شەقلاوەوە



ئێستا زانیم
بۆچی ئاوی ئەم وولاتە
تێنوێتی من
نا
ش
کێ
نێ
من ئاوخۆرەوەی کانیەکانم
لە سێبەری شەنگەبیدا
خەونەکانم هەڵئەفڕاند
کەپرێک لە گوڵەباخ
ریزێک لە رەیحانە
بۆ نازنازی چاوەکانت
لەسەر جۆگەئاوی
بنار سۆرک
ئەمدایە دەست و پەنچەی خەناوی
شۆخێکی لێو هەناری

Handren88@hotmail.com
٢٩ی ٦ی ٢٠٠٦